سودانی سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی دەکات بە کچی دوایی براکەی



سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ هەینی، سەرخۆشی ئاراستەی مەرجەعی باڵای ئایینی ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی سیستانی کرد بەبۆنەی کچی دوایی "سەید هادی سیستانی" برایەوە.

سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە لەلایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنییەوە باوکراوەتەوە و دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: " پرسە و سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵی خۆم ئاراستەی سەماحەتی مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی و هەردوو کوڕە کەی دەکەم، بەبۆنەی کچی دوایی براى، سەماحەتی ئایەتوڵڵا سەید هادی سیستانی، دوای بەسەر بردنی ژیانی پڕ شکۆی لە تۆژینەوە و خوێندن و زانست و خزمەتکردن بە زانست."

هەروەها وتی: "داواکارین لە خودای گەورە کچکردوو بە باوەشی ڕەحمەتی خۆی بگرێت و سەبووری و دڵنەوایی بە بنەماڵە و کەسوکار و دەستانی ببەخشێت."